# رۆژئاڤا و باشوری کوردستان:
# گفتوگۆیەک لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردستانیانی شاری ئۆسلۆ - نەرویژ

بورهان أ. یاسین

٢٠١٩/١٠/٢٧

## پێش وتار:

ئەم وتارەی بەردەست وەکو پێشەکییێک بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆیەک دەربارەی رۆژئاڤا، لە حزوری ژمارەیەک لە کوردستانیانی رەوەندی کوردی، لە ئۆسلۆ پێشکەشکرا. لە خوارەوە دەقی پێشەکیەکەیە، بەبێ گۆڕانکاری. هەڵبەتە هەر بۆ تێبینی، ئەم پێشەکیەی گفتوگۆ بە شێوەیەکی زۆر چڕکراوە وە بە "ئیرتیجالی" پێشکەش کرا، لەبەر ئەوە بەشێکی زۆر لە وردەکارییەکانی ناو دەقەکە نەکەوتنە ناو گفتوگۆکەوە.

------------------------- وتارەکە ------------------

ئۆسلۆ ٢٠١٩/١٠/٢٧

بەخێر بێن

سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز کە زەحمەتتان کێشاوە و هاتوون بۆ بەشداربوون لەم گفتوگۆیەدا. **مەبەست لەم گفتوگۆیە** پێشکەشکردنی بابەتێکی موتەکامیل نییە، بەڵکو زیاتر تۆمارکردنی چەند تێبینییێک و سەرنجێکە دەربارەی ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان روودەدات، زۆر بە تایبەتیش لە رۆژئاوای کوردستان (رۆژئاڤا).

## چەند خاڵێکی لێوەدەرچوونی گشتی

- ✓ سەرەتا پێویستە بڵێم کە ئەم چرکە ساتەی ئێمە چرکەساتێکی تەواو تاریک نییە، بەڵکو روناکییێک لە خۆی دەگرێ: کەواتە لە تونێلێکی تاریک رۆناهییێک بەدی دەکرێت؛
- ✓ **ئاسان نییە** مرۆڤ بە کورتی لەسەر ئەوەی لەم چەند رۆژەی دواییدا روویدا قسە بکات وە هەڵسەنگاندنێکی ورد و گشتگیر و بە سودی بۆ بکات؛

- ✓ ناکرێ ئەمڕۆ تەنها لە گۆشەنیگای براوە یا دۆڕاو لە ڕووداوەکانی ڕۆژئاڤا بڕوانین. دۆخەکە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ لەوەی تەنها بە دۆڕا و براوە بیخوێنینەوە؛

- ✓ **بە هەر حاڵ** ئەگەر ڕووداوەکان بە زیان و دەستکەوت بخوێنینەوە، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین بڵێین لە ئالوگۆڕی ڕۆژانی دەوایيدا کورد زەرەرمەند بووە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەی کە بە ڕووداوەکانەوە پەیوەندیدار بوونە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بڵێین کە کورد هەموو شتێکی لەدەست داوە.
تەنانەت خۆڕاگرییە بێوێنەکە، بە تایبەتی لە پێنج ڕۆژی یەکەمدا لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ تورکیا، سەرکەوتنیشە. . . ئەمریکاش، لە ڕووی هاوکێشەی نێونەتەوەییەوە، زیانی زۆری بەرکەوت، کە دەشێ ئەم زیانە لە دوورمەودا زیاتر دەرکەوێ؛

- ✓ دەتوانم بڵێم ئەمە جاری یەکەمە لە مێژووی سەد ساڵەی ڕابردوودا **کە کورد بە زمانی پاڕانەوە و خۆ بە قوربانی بینین و تەخوینکردنی ئەوانی دیکە نادوێت**، تەنانەت گەر ئەم **ئەوانەی ترە** لە چرکە ساتێکی یەکلاکەرەوەشدا وازیان لە کورد هێنابێت.
تەنانەت ئەم دەنگە، واتە دەنگی کوردانی ڕۆژئاوا، دەخوازێ تێگەیشتنیشی هەبێ بۆ هەڵسوکەوتی ئەوانەی لە چرکە ساتێکی وەهادا وازیان لە کورد هێنا، وە **لە ڕۆشنایی ئەم دیدەوە سیاسەت بکات**؛ ئەمەو زۆر شتی دیکە کە جێگای سەرنجن. . . یەکێکیش لەو شتانە ئەم هەموو جۆشوخرۆشە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستانە لە ناوە و لە دەرەوەی وڵات، کە دەکرێ بە یەکەوە ببنە **هەوێنی** ئەوەی من پێی دەبێژم **نوێبوونەوەی "کوردایەتی".**

- ✓ ئەم چرکە ساتەی کە ئێمەی تیایدا گوزەر دەکەین زۆر مێژووییە، نەک تەنها لەبەر ئەو هەموو شتەی کە لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕوودەدات، بەڵکو لەبەر ئەو هۆیە سادەیەی کە ئەو دەرفەتەی لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە **کەوانەیەکی دابڕاو نییە** بەڵکو بەشێکە **لە پرۆسە** و **دەرفەتێکی مێژوویی دور و درێژ** کە **کورد بە گشتی وە باشور و ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەزموونی** دەکات. . .
لەم بارەیەوە، زۆر گرنگە هەر زوو ئەوە بڵێین کە ئەمە نزیکەی سی (٣٠) ساڵە دەروازەیەک بۆ کورد کراوەتەوە وە لەوەش دەچێت کە ئەم دەروازەیە وەک

دەرفەتێکی مێژوویی بێ هاوتا، لە ٢٠٠ ساڵی رابردوودا (واتە لە شەڕەکانی ناپلیۆنەوە) بە کراوەیی بەردەوام بێت!
بە تەقدیری خۆم ئەم دەرفەتە بۆ ماوەیەکی باش (تۆ بڵێ ساڵانێکی دیکە) لە پێشمانەوە بەردەوام دەبێت. . . ئەم پرۆسەیە لە جەنگی کوێتەوە دەستپێدەکات، بە راپەرین و کۆچڕەوی ملیۆنی و گەمارۆکانی سەر عێراق و کەوتنی رژێمی سەدام و بەهاری عەرەبی و شەڕی داعشدا تێدەپەڕێ. هەر یەکێکیش لەم رووداوانە بە کۆمەڵێک رەهەندەوە کاریگەریان خستوتە سەر پێشوەچوونی دۆزی کورد. . . گرنگە ئەوەش بزانین کە دەرفەتە مێژووییەکانی پێشو، هەرنەبێ لە سەد ساڵی دواییدا، درێژترینیان لە ٢ تا ٣ ساڵ تێپەڕی نەکردووە، تەنانەت دەرفەتەکەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد تەنها ١١ مانگ زیاتر نەبوو. **ئەمەش مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە.**

**جیاوازییەکی دیکە لە نێوان ئەم دەرفەتەی ئێستا و دەرفەتەکانی پێشوو ئەوەیە کە لە دەرفەتەکانی پێشودا زلهێزەکان بڕیادەر بوون وە لە رێگای کاریگەری دیپلۆماسییان و قودرەتی زۆریانەوە دەیانتوانی سنور بۆ دەرفەتەکان دابنێن، بەبێ ئەوەی هێزە جەماوەرییە لۆکاڵییەکان توانیبێتیان رۆڵێکی یەکلاکەرەوە ببێنن. بەڵام ئەمجارەیان لە قولایی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کوڵان و هەڵچونێکی کۆمەڵایەتی لەسەر پێیە کە خۆی بە شێوازی جۆرا و جۆر دەربڕیوە و دەردەبڕێ؛ یەکێکیش لە شێوازی ئەم جۆش و خرۆشە جەماوەریانەش بەهاری عەرەبی بووە، کە دەکرێ بڵێین ئێستا ئەو بەهارە عەرەبییە لە لوبنان و عێراق و سودان لە قۆناغی دووەمیدایە؛**

- ✓ ئەوەی پەیوەندی بە رۆژئاوای کوردستانەوە هەیە، کەوتنی رژێمی سەدام رواوێکی زۆر گرنگ بوو، ئەو رووداوەی بە جۆرێک کاریگەری خستە سەر رۆژئاوای کوردستان کە ساڵی دواتر (واتە ٢٠٠٤، راستەوخۆ لە ژێر **کاریگەری سیاسییانە و سایکۆلۆژیانەی ئەم رووداوە)** راپەڕینی قامشلۆ و کوردانی سوریا بە گشی وە ساڵی دواتریش (٢٠٠٥) دیسان راپەڕینی کوردەکان لە رۆژئاڤا سەرهەڵدەدات. واتە لە راستیدا **بەهاری کوردی** لە رۆژئاڤا زۆر بەر لە **بەهاری سوریای عەرەبی** (واتە بەشی عەرەبی لە سوریا) هات!

- ✓ ئەوەی یەکجار گرنگە جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە کە ئێمەی کورد دەبێ بە دوو، **نەک تەنها بە یەک، چاو** تەماشای ئەم هەمو دەرفەت و روداوانە بکەین: **یەکەم**، بە چاوێک دەرفەت و رووداو لە دەرەوەی خۆمان ببینین، واتە ئەو رووداو و دەرفەتانەی کە بە هێزی ئەوانی دیکە دێتە بەرهەم؛ بەڵام دووەم، بە چاوێکی دیکە خودی خۆمان ببێنین و روو لە خودی خۆمان بکەین و هەر لە خۆشمان بپرسین ئایا ئێمەی کورد پڕ بە پێست لە دەرفەتە مێژووییەکان گەیشتوین، ئایا پڕ بە پێست توانیومانە هەڵس و کەوت لەگەڵ دەرفەتەکەدا بکەین، یا بە پێچەوانەوە شتێکمان کردووە کە زیاتر شیمانەی ئەوە دەکات کە نەخێر پڕ بە پێست مامەڵە لەگەڵ دەرفەتەکەدا نەکراوە، وە لە ئەکامدا دەرفەت لەدەست چووە. . . نمونەیەکی زۆر باشیش لە مامەڵەکردنی دەرفەتی مێژوویی ریفراندۆمە کاریسەئامێزەکەی مەسعود بارزانی بوو: ئەمە کارێک بوو کە لەسەر بنەمای هەست و نەست و هەڵە تێگەیشتن کرا، هەنگاوێک بوو کە لە بری تێگەیشتنی قوڵ و وردی رەگەزەکانی سیاسەت، **بە تایبەتی جوگرافیای سیاسی کوردستان**، لەسەر بنەمای **یاریکردنێکی نابەرپرسانە بە هەست و نەستی خەڵک کرا. . . بە هەر حاڵ ریفراندۆم هەوڵێک بوو کە تیایدا حزبێکی سیاسی و سەرکردەی ئەو حزبە سواری ملی دەرفەتێکی مێژوویی بوون و بەلاڕێاندا برد و کاریسە روویدا. (دوایی گەر دەرفەت هەبوو دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسە).**

- ✓ دەتوانین بە گشتی بڵێین، ئێمە تا ئێستا بە هۆی **کولتورێکی سیاسی** دیاریکراو، کولتورێک کە بەردەوام، وەک بەهانەیەکی ئامادە، دەخوازێ شکست بسپێرێتە پیلان و گەکەلۆمەی ئەوانی دیکە دژ بە کورد، بەبێ ئەوەی هەوڵی ئەوەی دابێ خۆی بەرپرس ببینێ لە شکست، شاهیدی شکست دوای شکستین. ئەم بۆچوونە، واتە گوایە ئەوانی تر بەرپرسن لە شکستی کورد، نەک خودی خۆی (واتە کورد خۆی) بەشێکی گرنگ بووە لە کەلتورێکی سیاسی باڵادەست. دیوی دیکەی راستیەکەش ئەوەیە کە زۆر جار لە کورد لە **رەوتی مێژوویدا وەک کارپێکراو نەک وەک بکەرێکی** سەربەخۆ و بەهێز دەرکەوتووە؛ واتە وەک قوربانی نەک وەک ئەکتەرێکی سیاسی کە توانای گۆڕینی مێژووی هەیە، یا هەرنەبێ توانای ئەوەی هەیە کە کاریگەری بخاتە سەر رەوتی مێژوو. ئەمە بەشێکی گرنگە لە **روحی تراژیدیای**

کوردیی. تا ئەو کاتەی چوارچێوەی کەلتوری سیاسی کوردی ئەوە بێت کە، بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی، تەنها بە یەک دانە چاو تەماشا و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ ڕووداوەکان بکات (واتە تەنها بەو چاوەی کە دەرەوەی کورد خۆی دەبینرێ و ئەو دەرەوەیەش بە بەرپرس لە شکستەکانی دەزانرێ)، روحی ئەم کاریسەیە هەر بەردەوام و کارا دەبێ و بەم پێیەش کاریسەی دیکەش لە داهاتوودا نابێ بە دووربگیرێ، تەنانەت ئەگەری دووبارەبوونەوەشیان زۆر بەهێزە.

- ✓ کێشەیەکی گەورەی دیکە ئەوەیە کە لە کاتێکدا دەرفەت و ڕووداوە مێژووییەکان بەرهەمی ڕووداوەکانی دەرەوەی کوردن، بەڵام هەر زوو حزبە سیاسییەکان دەرفەتەکان تەنها و تەنها وەک بەرهەمی "خەباتی خۆیان تەماشا دەکەن." بە مانای "دزین و بە بارمتەگرتنی دەرفەتە مێژووییەکان" وە دواجار بونیادنانی ڕەوایەتی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی لەسەر ئەم دەرفەتە بە بارمتە گیراوە و دزراوە بونیاد دەنێ. (هەر بۆ بیرخستنەوە: لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا، بە تایبەتی لە ۲۰۰ ساڵی رابردوودا دیاردەی دزینی شۆڕش شتێکی حاشاهەڵنەگر بووە وە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە). هەر بۆ نموونە کاتێک دەرفەتێک لە باشوری کوردستان هەیە بەڵام پارتی و مەسعود بارزانی سواری ملی دەرفەتەکە دەبن و دەست بەسەر دەرفەتەکە دادەگرن وە لە یەکێک لە بازنە هەرە تراد‌یژیدییەکانیدا لەو دەست بەسەرداگرتن و بەبارمتەگرتنەدا کاریسەی ریفراندۆم ڕوودەدات، بە کۆمەڵێک ئاکامی کاریسەئامێزەوە، کە یەکێکیان لەدەستدانی، زۆر یا کەم، نیوەی خاکی کوردستانە، بە تایبەتی کەرکوک.

  لە ڕۆژئاواش پەکەکە، ئەگەر چی پشتگیرییەکەی بۆ ئەو بەشەی کوردستان ئینکار ناکرێ، سواری ملی دەرفەت و ئەزمونی ئەو بەشەی کوردستان دەبێت وە بەم مانایە ڕۆژئاڤا بووە بە خەندەقی پێشەوەی شەڕی پەکەکە بەرامبەر بە تورکیا، ئەمەش گران لەسەر ئەو بەشەی کوردستان کەوتوە.

- ✓ گومانی تیا نییە کە ئەمڕۆ کوردستانی مەزن، هەڵبەتە لەسەر دەستی، یا بە فاکتەری، ڕۆژئاوای کوردستان (ئەو بەشەی کە ساڵانێکی زۆرە نەک هەر لە لایەن داگیرکارانەوە، بەڵکو لە لایەن هێزە سیاسییە کوردییەکانیشەوە، هەڵبەتە لەوانەش

پ ک ک، هەر نەبێ تا ١٩٩٠کان) ئینکاری بوونی دەکرا، دەخرێتە سەر نەخشەی جیهان.

✓ **لەبەر ئەوە جێگای سەرسامییێکی زۆرە** کە ئەم بەشەی کوردستان بتوانێ بە خەبات و قوربانییەکانی خۆیان بتوانن ئەم پێگەیەی ئەمڕۆ بۆ کورد و دۆزەکەی مسۆگەر بکات.

*****

## ڕۆژئاوای کوردستان

هەر بۆ بیرهێنانەوە:

جوڵانەوەی سیاسی لە شێوەی هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان، واتە ڕۆژئاڤا، بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە:

١) لە سەرەتای ١٩٢٠کانەوە تا ١٩٥٧؛

٢) لە ١٩٥٧وە تا ٢٠٠٣. لەم قۆناغەدا سەرەتا پارتی دیمۆکراتی کورد (الپارتی) لە ١٩٥٧ دامەزرا وە دوای ئەوەش هەر لەم قۆناغەدا زیاتر لە ٢٠ حزب لەم حزبە، واتە لە الپارتی، کەوتوونەتەوە؛

٣) دروستبوونی پەیەدە ٢٠٠٣ و ڕاپەڕینی قامشلۆ لە ٢٠٠٤ و ڕاپەڕینی ٢٠٠٥. واتە ئەوەی ڕاستی بێت بەهاری کوردەکانی ڕۆژئاڤا زۆر بەر لە بەهاری عەرەبی لە سوریا سەری هەڵدا. پەیەدە زۆر جیا بوو لەو حزبانەی کە پێش خۆی دروست ببوون: پەیەدە وەک هێزە سیاسییەکانی پێش خۆی لە بەرهەمەکانی الپارتی نەبوو بەڵکو دابڕانێکی گەورە بوو لە الپارتی و کەلتورە سیاسییەکەی ئەو حزبە، وە زیاتر لە (پەکەکە)وە نزیک بوو. **هەر لێرەشەوە ململانێی پارتی و پەکەکە لەسەر هێژیمۆنی لەسەر ڕۆژئاڤا دەست پێ دەکات**، چونکە ئەم ڕووداوە لادان و یاخیبوونێکی جددی بوو لە ئەو هێژیمۆنیەی کە الپارتی ساڵانێکی زۆر لە ڕۆژئاڤا بەدەستی هێنابوو:

- بۆ هەمومان زانراوە کە پەیەدە و یەپەگە چ ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە شەڕ دژی داعش؛

- بەڵام ئایا ئەزموونی رۆژئاڤا کت و مت جێبەجێکردنی بیری ئۆجەلانە لە خۆسەری دیمۆکراسی؟ لە راستیدا وەڵامەکە لە هەمان کاتدا (ئا وە نا)یە. ئەمە باسێکی زۆر تایبەتە کە لەم گفتوگۆیەدا کاتی پێویستمان نییە لەسەری بوەستین؛
- ئەوەی لەم بارەیەوە، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەوەی دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە رۆڵی پەکەکە لە رۆژئاڤا لە <u>دوانیەتێک پێکهاتووە</u> ***کە بەشێکیان یارمەتییە بۆ رۆژئاڤا، بەڵام بەشەکەی دیکەی ئەو راستییەیە کە سیاسەتی پەکەکە بووە بە بارگرانی بەسەر رۆژئاڤادا.*** دەکرێ لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا رۆڵی پەکەکە چڕ بکرێتەوە:

١) رۆڵی ئاشکرای پەکەکە لە رۆژئاڤا **بەهانەی داوەتە دەست تورکیا** تا دوژمنکارانە تەماشای ئەزموونی رۆژئاڤا بکات؛ نەک هەر ئەوە بەڵکو رێک وەک خەندەقی هەرە پێشەوەی خۆی ببینێ لە شەڕیدا دژ بە تورکیا؛

٢) **هەڵوێستی پەکەکە** ئیحراجێکی زۆری لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکادا دروست کردووە، کە لە ئاکامدا بە کێشە بۆ خودی رۆژئاڤا گەڕاوەتەوە؛

٣) بۆتە هۆی ئیحراج و دڵەڕاوکێ لە دید و پەیوەندی وڵاتانی رۆژئاوای ئەورووپا لەگەڵ ئەزموونی رۆژئاڤادا.

٤) ململانێی پارتی و پەکەکە لەسەر رۆژئاڤا: هەر چەندە دەبێ ئەوە بگوترێ کە کێشەی پارتی و شێوازی هەڵسوکەوتی، زیاتر کێشەی زهنیەتی ئەو حزبەیە کە بەردەوام لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە (جا لە چوارچێوەی مامەڵەکردنی هێزە سیاسییەکانی ناو باشوری کوردستان بێ یا هێزە سیاسییەکانی کوردستانی مەزن) بەردەوام لە سێ هەڵوستیدا خۆی بینیوەتەوە، بەڵام ململانێی پارتی و یەکێتی لە رۆژئاڤا چوارچێوەی تێگەیشتنی خۆی پێویستە. پارتی لە مامەڵەیدا لەگەڵ هێزەکانی دیکە لە ناخی خۆیاندا زهنیەتێکی نێگەتیڤانە هەڵدەگرن، کە ئەم زهنیەتە بنەما هەرە گرنگەکەی پەیوەندی پارتییە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکە. بە پێی ئەم زهنیەتە: ١) یا دەبێ پارتی باڵادەست بێت، ٢) یا بایکۆت دەکات، ئەگەر کەوتە حاڵەتی کەمایەتییەوە، ٣) یا یاریەکە تێک دەدات. . . هەر وەک نمونە بۆ هەڵسوکەوتی پارتی لە مەسەلەی کەرکوکدا، وە بە تایبەتی لە مەسەلەی دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکوک دوای کاریسەکەی ریفراندۆم: پارتی، بە بەهانەی جۆرا و جۆر، بۆ ماوەیەکی زۆر بایکۆتی هەڵبژارد لەم مەسەلەیەدا و وە دواتر گەمەکەی تێکدا، ئەگەر چی بە رەسمی رێکەوتنیشی لەگەڵ یەکێتیدا کردبوو لەسەر دانانی پارێزگار! ئێستا

دوای تیکدانی یارییەکە، کورد زەرەرمەندی یەکەمە، وە بە تێکدانی یارییەکە چارەسەری کێشەی کەرکوکیش هەنگاوێکی مەترسیدار چووە دواوە؛

**ئەگەر چی ململانێی پارتی لەگەڵ پەکەکە لەسەر هێژیمۆنی لە رۆژئاڤا هۆیەکی گرنگ** بووە بۆ هەڵوێستی نێگەتیڤانەی پارتی بەرامبەر بە ئەزموونی رۆژئاڤا، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە هۆی دیکەش (جگە لە کەلتوری سیاسی و زهنیەت) هەن بۆ ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤانەی پارتی لەمەڕ رۆژئاڤا، یەکێکیش لە هۆیە هەرە گرنگەکان ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی تورکیا بۆ پارتی گرنگترن تا رۆژئاڤا وە ئەو حزبە ئامادەیە **<u>قوربانی بە رۆژئاڤا بدات لە پێناو پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا؛</u>**

٥) زۆر بە گشتی، دانی مۆری پەکەکە لە ئەزموونی رۆژئاڤا هۆیەکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی رۆژئاڤا کۆمەڵێک بەرپرسیاریێتی و ئەرکی قورسی بکەوێتە سەر شان کە لە توانای خۆی زیاترە هەڵیان بگرێت، وە کۆمەڵێک بەربەستی بۆ دروست ببێ لە جوڵەی دیبلۆماسیدا، بە تایبەتی روو لە جیهانی رۆژئاوادا، کە بەجێ گەیاندنیان ئاسان نییە.

**حەز دەکەم لەم بارەیەوە رای خۆم، کە بەر لە ٥ ساڵ بە راشکاوی، لە کۆڕێکمدا لە شاری یۆتۆبۆری-سوید دەرمبڕیبوو، جارێکی دیکە بیخەمە روو:**

من ئەو کاتە، واتە ساڵی ٢٠١٤ وە لە گەرمەی شەڕی داعشدا، پێم وابوو پێویستە پەکەکە بێ دواکەوتن شەڕ لەگەڵ تورکیا رابگرێ. بەهانەکەش ئەوەبوو کە ئەگەر ٨ جارەکەی پێشتری ئاگربەستی پەکەکە لە پێناو ئاشتی بوبێت لەگەڵ تورکیا، ئەوا **ئەم جارەیان وەک هەنگاوێکی دیپلۆماسی دەبێ بۆ ئەوەی پەکەکە ئاسانتر ببێ بە بەشێک لە هاوپەیمانی نێو نەتەوەیی دژ بە داعش وە بۆ ئەوەی ئەم ئاگربەستە <u>یارمەتیدەریش بێت بۆ رۆژئاڤا</u>.**

**هەنگاوێکی ئەوها، واتە ئاگربەست لە ٢٠١٤دا، دەیتوانی ئەم لێکەوتە پۆزەتیڤانەی خوارەوەی لێ بکەوێتەوە:**

١) بەم هەنگاوە پەکەکە خۆی و کوردیشی لە باکور دوور دەگرت و دەپاراست لەو هەموو خوێنڕێژی و وێرانکارییەی کە لە ٢٠١٤وە تا ئێستا لە باکور روویداوە، بە تایبەتی ئەزموونی ناسەرکەوتووی پەکەکە لە "**خۆسەریی دیمۆکراتی**" لە شارەکانی باکوور (سوری ئامەد، جزیرە، شرناخ. . . هتد) لە ٢٠١٥-٢٠١٦دا. بێ گومان جگە لە

وێرانکاری و خوێنڕێژییێکی یەکجار زۆر، پەکەکە لەو ساڵەدا ئەزمونێکی زۆر ناسەرکەوتووی لە باکوری کوردستان لە خۆسەری دیمۆکراتیدا تاقیکردەوە؛
٢) لە هەنگاوێکی ئەوهادا، واتە بە راگرتنی شەڕ، پەکەکە ئاسانتر دەیتوانی رەوایەتی و پێزانینی نێودەوڵەتی وەربگرێ، هەر وەک بۆ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی فەراهەم بوو دوای بڕیاری چەکدانان لە راگەیەندراوی جەزائیر لە ساڵی ١٩٨٨دا. ئەم هەنگاوەی وازهێنانی فەلەستینییەکان لە خەباتی چەکداری توانی بۆ یەکەم جار ئیسرائیل لە گۆشەیەکدا توند بکات و ئیحراجییێکی دیپلۆماسی ئەوتۆی بۆ دروست بکات، بە رادەیەک کە سێ ساڵ دواتر لە کۆنفرانسی ئاشتی مەدریدا (پایزی ١٩٩١) ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و فەلەستینیەکان، وە بە ئامادەبوونێکی زۆر سەنگینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، روو بە روو دابنیشێ و گفتوگۆ لەسەر کێشەی فەلەستینییەکان و کێشە پەیدەندیدارەکان بکات؛
٣) بە هەنگاوێکی ئەوها پەکەکە دەیتوانی هەموو بەهانەیەک لەدەست تورکیا دەربهێنێ بۆ ئەوەی دواجار بۆ ئەو وڵاتە ئاسان نەبێت هێرش بکاتە سەر رۆژئاڤا و هەڕەشە لە وجودی بکات؛
٤) ئاگربەستێکی ئەوها دەیتوانی بە ئاسانی ببێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی لە ئەزموونی رۆژئاڤا نزیک ببێتەوە. بەم مانایەش دەستکەوتە دیپلۆماسی و سیاسییە نەتەوەییەکانی ئەم ئەزموونە ئەمڕۆ دوای ئەم هەموو ساڵانە زۆر زێتر بن لەوەی کە هەن.  چونکە بەردەوام بەشێکی زۆر لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی پەیەدە، روو لە جیهانی رۆژئاوا، ئەوە بووە کە چۆن بیسەلمێنێ کە ئەوان درێژکراوەی پەکەکە نین، بەڵکو هێزێکی سەربەخۆن. تەنانەت بۆ ئەمریکییەکانیش زۆر ئەستەم بووە، وزە و کۆششێکی زۆریشی ویستووە، کە جیهانی رۆژئاوا وە بە تایبەتی تورکیا بێننە سەر ئەو باوەڕەی کە پەیەدە درێژکراوەی پەکەکە نییە. کە دواجار تورکیا نەک هەر نەهاتە سەر ئەو باوەڕە، بەڵکو رێک لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەی کە پەیەدە شتێک نییە زیاتر لە درێژبوونەوەی پەکەکە بۆ رۆژئاڤا، شەڕی لەناوبردنی ئەزمونی رۆژئاڤا راگەیاند؛
٥) ئاگربەست دەیتوانی ببێتە هۆی پاراستنی خەباتی مەدەنی کوردانی باکوری کوردستانیش وە ئاسانکارییێکی زۆریان بۆ بکات، نەک پێچەوانەکەی. لە راستیدا ئەو زیانەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، واتە لە (٢٠١٤)ەوە،  بەر خەباتی مەدەنی لە باکور کەوتووە زیاتر بووە لە هەموو ئەو زیانەی کە لە (١٩٩١)ەوە تا ٢٠١٤ بەر

ئەو خەباتە کەوتبوو. بە واتایەکی دیکە، ناکرێ تەنها سیاسەتی دوژمنکارانەی تورکیا وەک تاکە فاکتەر ببینین، کاتێک باسی ئەو زیانە دەکەین کە بەر ئەو خەباتە مەدەنییە کەوتوە. لە راستیدا ئەو سیاسەتەی کە قەندیل لە (٢٠١٤)ەوە پەیڕەوی کردوە، کە ئەویش بە توندی گەڕانەوە بوو بۆ شەڕ و پێکدادان زۆر زیانبەخش بووە بۆ شارەکانی باکوری کوردستان بە شێوەیەک کە ئەو وێرانکارییەی، بە رادەی یەکەم، بە هۆی ئەو ناسەرکەوتوویەی ئەزمونی خۆسەری دیمۆکراتی، بە تایبەتی لە ٢٠١٥-٢٠١٦دا. دەکرێ زۆر زیاتر بێت لەو زیانانەی کە ماوەی پێشو بە هۆی خەباتی چەکداری بەری کەوتبوو؛

٦) دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادان لە باکوری کوردستان بووە هۆی بەهێزبوونی **هاوپەیمانی نێوان ئاکەپە و ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان و هێزی لەشکری تورکیا** و لە ئاکامیشدا بەهێزبوونی رەوتی زەبروزەنگ لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورد. ئەوە راستە کە شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی و خواستی نەتەوەپەرستان و هێزی سەربازی تورکیا تا رادەیەکی زۆر دەرهاوێشتەی سیاسەتەکانی ئەردۆغان و ئاکەپە و هاوپەیمانانی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا **دەکرا قەندیل خۆی لە بژاردەی گەڕانەوە بۆ شەڕ و پێکدادان بپاراستایە؛**

٧) ئاکامێکی دیکەی نەبوونی ئاگربەست و بەردەوامی شەڕ و پێکدادان ئەوەبوو کە تورکیا لە پێشان زیاتر ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی لە باشووری کوردستان بەرفراوان کرد، بەمەش فشار لەسەر باشور و کاولکاری لەو بەشەی کوردستان فراوانتر بووە. لەوەش دەچێ کە تورکیا لە داهاتودا بە شێوازێکی مەترسیدار ئۆپەراسیۆنەکانی لە باشوری کوردستان فراوانتر بکات، زۆر بە تایبەتی ئەگەر تورکیا هەست بکات کە لە رۆژئاڤا ئامانجەکانی خۆی بەدەست هێناوە. بە واتایەکی دیکە ئەو خۆڕاگریەی کە لە رۆژئاڤا بەرامبەر هێرشەکانی تورکیا دەکرێ، بەرگرییێکی ناڕاستەوخۆشە لە باشوری کوردستان. بۆ پاراستنێکی باشتری باشوری کوردستان گرنگە کەوا تورکیا لە رۆژئاڤا سەرکەوتو نەبێت؛

٨) دەکرا بە ئاگربەست رۆژئاڤا ببێ بە هۆکارێکی ئاشتی (تۆ بڵێ پردی ئاشتی) لە نێوان پەکەکە و تورکیا نەک مەیدانی یەکلاکردوەی ململانێکانیان لەسەر ئەرزی رۆژئاڤا، ململانێیەک کە بە باجێکی گرانی رۆژئاڤای کوردستان تەواو بووە. ئەگەر رۆژئاڤا نەشبوایەتە پردی ئاشتی، ئەوا بە هەر حاڵ ئەو ئاسانە نەدەبوو بۆ تورکیا

که ئەزموونی ڕۆژئاڤا بکات بە بەشێک لە ئەوەی (دەوڵەتی تورکیا پێی دەبێژێ) شەڕ دژی تێرۆر؛

٩) هەر ئەو کاتە (واتە ساڵی ٢٠١٤) من پێم وابوو کە پەکەکە لە بری ئەوەی بە **ئاشکرا مۆری خۆی بخاتە سەر ڕۆژئاڤا**، ئەوا باشتر وایە تا بکرێ یارمەتییەکانی پەکەکە شاراوە بن، لە بەرامبەریشدا تا بۆی بکرێ بە ئاشکرا ئەوە ڕەت بکاتەوە کە ئەوان (واتە پەکەکە) ڕاستەوخۆ دەستیان لە ڕۆژئاڤادا هەیە. . . بەڵام پەکەکە تا ئێستا ڕێک بە سەد و هەشتا پلە پێچەوانەکەی کردوە، واتە تا بۆی کراوە ئەوەی کردوە بە شانازی کە ئەزمونی ڕۆژئاڤا ڕێک درێژبوونەوەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای (پەکەکە)یە، کە ئەمەش لەسەر ڕۆژئاڤا گران کەوتووە!

* * *

# باشوری کوردستان

## بازنە لاوازەکەی کوردایەتی، سەرچاوەی کەلتورێکی سیاسیی کلۆڵ: کەلتوری شەڕی بەوەکالەت بۆ داگیرکاران بە ناوی کوردایەتییەوە

جارێ هەر زوو پێویستە ئەوە بڵێین کە تونێلەکەی باشوری کوردستان چەندی بڵێی تاریکە: بۆ؟

١) ئێستاشی لەگەڵ بێت کەلتورە سیاسییەکەی خەباتی چەکداری لە باشوری کوردستان بنەمایەکی هەرە گرنگی ئەزمونی کوردییە لەو بەشەی کوردستان. واتە تا سەر یەسقان کۆدی چارەنوسی ئەو بەشەی کوردستان، هەر وەک دوێنێی خەباتی شاخ، لەدەست داگیرکاراندایە: لە خەباتی شاخدا کۆدەکە لە دەست ئێراندا بوو (بە هەردوو ئێرانی پەهلەوییەکان و ئێرانی ئایەتوڵلاکان) لە بەرامبەریشدا، لە ئەزمونی شاردا بە شێوەیەکی مەترسیدار کۆدی باشوری کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی کەوتۆتە دەست تورکیا، کەچی ئێرانیش لە بارمتەگرتنی ئەو کۆدە بێبەش نییە. پارتی لە ڕێگای ڕادەستکردنی کۆدە هەرە ستراتیژییەکە (واتە کۆدی نەوت) بە تورکیا، نەک هەر چارەنووسی نەوت بەڵکو چارەنووسی باشوری کوردستانیشی بە تەواوەتی ڕادەستی ئەو وڵاتە کردووە!

لە دوێنێی خەباتی شاخ (واتە خەباتی چەکداریدا) بەهانەیەکی ئامادە ئەوەبو کە تۆ "لەم جوگرافییە سیاسییە ناهەموارەدا" ناتوانی بەبێ پشتگیری هێزێکی دەرەوە خەباتی چەکداری بکەیت، واتە "پێویستە پشت بە دوژمنێکی دیکە ببەستیت بۆ ئەوەی لە دوژمنێکی دیکە نەجاتت ببێت." ڕێک ئەمە بو ئەو جۆرە لۆژیکە لە خەباتی چەکداریدا کە جار دوای جار کوردی لە باشوری کوردستان بە نسکۆ و شکست گەیاند. . . هەر ئەم کەلتورە سیاسییە، <u>لە شاخەوە بۆ بەجێ ماوە</u>، روحی شکستەکانی باشور بووە لە ئەزمونی فەرمانڕەوایی شاردا لە ٢٨ ساڵی ڕابردودا؛ ئەمڕۆش ئەم روحە هەر زیند و باڵا دەستە لە کولتوری سیاسی باشوری کوردستاندا. هەر بۆ نمونە کاتێک شنگال دەکەوێتە دەست داعش هەلێر و دهۆکیش دەکەونە ژێر هەڕەشە و مەترسی جدییەوە، سەرۆکی ئەو کاتەی هەرێم (مەسعود بارزانی) و سەرۆکی دیوانەکەی <u>سەرسوڕمانی</u> خۆیان ڕادەگەیێنن و پێیان وابوو پێوسیت بوو تورکیا بەرگری لە کورد بکات!

٢) بەشێکی هەرە زۆری ئەوانەی ئەمڕۆ فەرماڕەوایی باشوری کوردستان دەکەن کۆمەڵێک بزنزمانی چاوبرسی، تەماح و چاوچنۆکن. ئەمانە کوردایەتی و ئەزمونەکەی باشوری کوردستان وەک **کۆمپانیایەکی زەبلاح دەبینن و مامەڵەی لەتەکدا دەکەن بۆ ئەوەی بۆ حزبەکانیان، بۆ ماڵباتەکانیان وە بۆ کەسی خۆیان، وەبەرهێنانی ئابوری تیادا بکەن.** لە راستیدا لە کۆڕێکمدا لە شاری سلێمانی (هۆڵی گەلاوێژ) لە سەرەتای ٢٠٠٤دا زۆر بە رونی ئەوەم جەختکردەوە کە لە عێراقی دوای سەددامدا هەرەشەی هەرە گەورە ئەو توێژە تەماح و چاوچنۆکەیە کە دەستێکی لە قولایی فەرماڕەواییدایە و دەستەکەی تریشی **لە ناو چالاکی ئابوری رەش و مافیائاسا دایە.** . . هەر ئەو فەرمانڕەوایانە ئامادەن لەم چالاکییە ئابورییەدا خاک، نیشتمان و پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بە نرخێکی زۆر هەرزان بفرۆشن لە پێناو خواست و  چاوبرسییتی خۆی؛

٣)   ئەزمونی کوردستان، بووە بە ئەزمونی "حزبۆکراتی"، "ساختەکراتی" و "مردوکراتی." (هەر بۆ بیرهێنانەوە: لە ساڵانی پێشتردا من ئەم سێ چەمکەم داتاشیوە و لە وتاری جیاجیا و بۆنەی جیاجیادا بە کارم بردوون). هەڵبەتە مەبەست لە حزبۆکراتی ئەوەیە کە دەسەڵاتی راستەقینە لە باشوری کوردستان لای حزبە و دامەزراوەکانیش دەسەڵاتێکی رووکەشن، نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەم دامەزراوانە، وە لە پێش هەموویانەوە پەرلەمان عەیبدارکراون و لە مانا راستەقینەکەیان خاڵی کراونەتەوە. مەبەست لە ساختەکراتییش ئەو هەموو دزی و گزییەیە کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرێ. بەڵام "مردوکراتی" مەبەست لێی ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستان مردو بە دوو شێواز فەرمانڕەوایی دەکات، کەچی ئەو دەمێکە مردووە و لە ژێر خاکدایە: ١- لە وڵاتی ئێمە ئێستاش بە دەیان، تەنانەت سەدان هەزار، مردو لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ دەدەن؛ ٢- زۆرێک لە سەرکردە مردوەکان کە لە مەقتەعێکی مێژوودا لە مەیدانی سیاسیدا حزوریان هەبووە، ئەوا ئەو حزورەی ئەوان لە مێژوودا لەگەڵ مردنی ئەواندا نەچۆتە ژێر خاکەوە، بەڵکو لە ژیانی رۆژانەی فەرمانڕەوایی کوردیدا ئەم سەرکردە مردوانە بە توندی حزوریان هەیە و سێبەری قورسیان بەسەر ئەزمونەکەدا بە ئاشکرا بەدیدەکرێ. دەتوانین، لەم گۆشەنیگایەوە، بە ئاسانی بڵێین کە ئەمڕۆ مەلا مستەفا بارزانی، کەچی بەر لە چل ساڵ مردووە، لە **هەولێر فەرمانڕەوایی دەکات.** ئەمەش دەکرێ بە چەند شێوازێک شیبکرێتەوە کە ئێرە بواری ئەم شیکردنەوەیە نییە؛

٤) ناکرێ، لە مانەوەی ئەم ئەزموونە و ئەم کەلتورە سیاسییە کلۆڵ و پڕ لە کێشەیە، چاوەڕوانی زێتر بکرێ. ئەم خولەی پەرلەمان و حکومەت گەورەترین پاشەکشەیە لە حکومڕانی کوردیدا: هەمو ئەو شتانەی رویانداوە لە دوای هەڵبژاردنەکانی سیپتەمبەری پارەوە ئەمانەن:

أ) بێماناکردن و بێ ناوەڕۆککردنی پەرلەمان. دەتوانین بە ئاسانی بڵێین ئەمڕۆ **پەرلەمان، کەم یا زۆر، لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی حکومەتدایە؛**

ب) ئامانجی زۆرێک لەو هەنگاوانەی کە دوای هەڵبژاردنەکانی ٣١ی سیپتەمبەری ٢٠١٨ نراون زیاتر جێگیرکردنی دەسەڵات و باڵادەستیی پارتی بووە، بە تایبەتی بنەماڵەی بارزانی وە زۆر بە تایبەتیش چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو بنەماڵەی بارزانی بووە. واتە، بە دیدی پارتی، بە رادەی ئەوەی مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵات گرنگ بووە لە نێوان مەسرور بارزانی و نێچیرڤان بارزانی، بە هەمان رادە مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان پارتی لە لایەک وە یەکێتی و گۆڕان لە لایەکی دیکەوە گرنگ نەبووە؛

ج) لە کاتێکدا زۆر کەس و هێزی سیاسی لەو بڕوایەدان کە باشترین بژاردە بۆ باشتر کردنی ژیانی خەڵک ڕێکەوتنە لەگەڵ بەغدا، بەڵام لەم ئاراستەیەدا حکومەتی نوێ بە کۆمەڵێ ناڕاستگۆیی و بەلاڕێدابردن کاردەکات کە تەنها هی کوشتنی کاتە لەگەڵ بەغدا و هیچی تر: دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان چاوەڕوانی "موعجزەن" کە کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، **نەک هەنگاوگەلێکی عاقڵانە و بوێرانە و نیشتمانیانەی خۆکرد**. بەم مانایەش ئەگەر لە دەرەوەی ئیرادەی فەرمانڕەوایی کوردیدا شتێک رونەدات، کە لە خزمەت و قازانجی باشوری کوردستاندا بێت، ئەوا بە ئەگەری زۆر ئەو بەشەی کوردستان زێتر لە جاران لە هەڵدێر و پاشەکشە و قەیراندا نغرۆ دەبێت؛

٥) ئەمڕۆ باشوری کوردستان بە توندی **گیری خواردوە لە نێوان دوو بەرداشی بەغدا و ئەنقەرە**: ئاشکرایە کە لە ئێستادا زۆر زیاتر لە خزمەتی خەڵکدایە و زۆرتریش لە سودی چارەسەرکردنی کێشەکاندایە، بە تایبەتی کێشەی خاک، وە لە خزمەتی جێگیرکردنی دەستکەوتەکانی کوردە لە دەستوردا کە کێشەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا یەکلابکرێنەوە. لەبەرامبەردا فەرمانڕەوایی کوردی، زۆر بە تایبەتی دەستە بژێری ناو پارتی، وە زۆر بە تایبەتی نێچیرڤان بارزانی، ئەوەندە نغرۆی **وابەستەیی** بوە لەگەڵ ئەنقەرە، کە ناکرێ باوەڕ بکەین کە رزگاربوون لەو

وابەستەییە مەترسیدار و کاریسەئامێزە هەر وا ئاسان بێت، بەڵکو لە راستیدا زۆریش ئەستەمە.

هەر لێرەشەوە دەتوانین بە ئاسانی بڵێین هەمو هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی پارتی، حەز بکەن یا حەز نەکەن، ئەسیری ئەو وابەستەییەن و بێ ئیرادەکراون بەرامبەر بە دۆسیەی "پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا،" لە رێگای رادەستکردنی کۆدی نەوت بەو وڵاتە. ئامرازە کاریسەئامێزەکەی ئەم رادەستکردنەش ئەو رێکەوتنە ٥٠ساڵیەیە کە نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ تورکیادا مۆری کردوە. لە ١٩٦١وە تا نسکۆی ١٩٧٥ مەلا مستەفا کۆدی بزاڤی چەکداری لە باشوری کوردستان رادەستی شاە کردبو، هەر ئەوەش بوو وایکرد کە ئەرک و قوربانییەکانی خەباتە چەکدارییە ١٤ ساڵییەکەی باشوری کوردستان لە بڕیارێکی شای ئێراندا بە فیڕۆ درا. دەکرێ راشکاوانەتر بڵێین کە هۆی سەرەکی ئەو شکست و بەفیڕۆدانی خەبات و ماڵوێرانی ١٤ ساڵەیە ئەو کولتورە سیاسییە بوو کە روحەکەی وابەستەیی خەباتە چەکدارییەکە بوو بە داگیرکارێکی دیکەوە (واتە وابەستەیی بە ئێرانەوە). بە هۆی ئەم وابەستەییەوە ئەو بزاڤە چەکدارییە، لە "بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان" گۆڕدرا بە شەڕی بە وەکالەت (proxy war). بەم جۆرەش بەرهەمی ١٤ ساڵ قوربانی دان، لە پێش هەمووشیانەوە، لەشکرێک لە شەهید، بەمە کۆتایی هات کە شای ئێران نیوەی شەتولعەرەبی وەرگرتەوە.

زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی: ئەوەی ئەمڕۆ لە باشوری کوردستان رودەدات تەنها درێژکردنەوەی کەلتوری سیاسی و زهنیەتی ئەو شەڕی بە وەکالەتەیە کە بزاڤی مەلا مستەفا لە خزمەتی ئێراندا کردی، بەم واتایەش ئەوەی ئەمڕۆ روودەدات "خزمەتێکی بە وەکالەتە" (بە ئامرازی نەوت) کە باشوری کوردستان، بە بڕیاری پارتی، بە داگیرکارێکی دیکەی دەکات، کە تورکیایە.

دەرەنجام: تا کورد لە باشوری کوردستان لەو کەلتوری سیاسی وابەستەییە رزگاری نەبێ، ئەوا ئەو بەشەی کوردستان بەرەو داهاتوش هەر هەڵگری ئەو روحی شکستە دەبێت کە لەو وابەستەییە دەکەوێتەوە. کەواتە ئەو مەسەلە چارەنووسسازەی کە ئەمڕۆ باشوری کوردستان روبەروی بۆتەوە موچەو دامەزراندن و. . . هتد، نییە بەڵکو رێک رزگاربوونە لەو وابەستەییە کە رەگ و

ریشەی لە قوڵایی مێژوو و کەلتوری سیاسی شاخدا رۆچووە و هەڕەشە و مەترسی هەرە گەورەیە؛

٦) چیتر داوای پاراستنی ئەزمونی کوردی لە باشوری کوردستان داوایەکی رەوا نییە، چونکە تیگەیشتنێکی راستەقینە پێمان دەڵێ کە سەر و بەری ئەزمونەکە لە قوڵایی ئەو وابەستەییە مەترسیدارەدا گیری خواردوە کە ساڵانێکە لە نێوان پارتی و تورکیا هاتۆتە کایەوە! داوای پاراستنی ئەزمون رێک بە مانای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو توێژەیە کە ئەمڕۆ لە خزمەتی داگیرکاراندا ئەزمونی کوردستانی بە بارمتە گرتووە، تەنانەت داگیریشی کردوە، و شەڕی بە وەکالەتی پێ دەکات لە پێناو تەماحی خۆی و خزمەتکردنی زێتری داگیرکار، ئەو داگیرکارەی کە لەو دیوی سنور قەتلوعامی کورد دەکات (بە قسەی ئەردۆغان، سەری کوردان پان دەکاتەوە). ئەو داگیرکارەی کە دەخوازێ، وە بە هەمو ئامرازێکی هێز هەوڵدەدات، کە هەتا هەتایە خەونی کورد لەو بەشەی کوردستان (رۆژئاڤا) و لە باکور، وە تەنانەت لە هەر بەشێکی کوردستان، بخاتە ژێر گڵەوە.

............